# (( دووڵەت بوون یان وون بوونو بزربوون ))

larzobaker@hotmail.com
لارزۆ بەکر 2005 11 10

لەسەر سنوری نیشتیمانەوە
خۆمم لێ وون بوو
تەنیا سێبەرەکەم نەبێ ئەوەتا ...
ئەوەتانێ کۆمەڵێ ڕەنگی پێیە
بۆ جاریتر لە کەوشەوە تاکو مووی سەر
دەم نەخشێنێ بە گەرداوی خەمێکی تر ...
من زۆر سیرم !
خۆم لەوێم و ... سێبەر لێرە
کۆترێکم
خۆم لێرەمەو ... لانەم لەوێ
پەرتووکێکم
پیتەکانم لێرەو
ووشەو ڕستەکانم لەوێ
من کۆمەڵێ تابلۆی یاخیم
خۆم لێرەمەو ... وێنە لەوێ
نازانم من ز...ۆ...ر... سیرم
بەدگومانم لەهاتنەوە .....
گەریێمەوە ؟
لەگەڵ خۆمدا
سێبەرەکەشم بێنمەوە ؟!
گەریێمەوە ؟
لانەکەمم دەدەنەوە ؟!
گەریێمەوە ؟
ووشەو ... ڕستەکانم ئازاد دەبن ؟!
گەریێمەوە ؟
وێنەکانم یەکە یەکە ڕەشپۆش نابن ؟!
گەریێمەوە ؟
زوویر نابن شتێ بڵێم
من خۆم خۆمم وون نەکردوە
ئێوە منتان بزر کردوە . ***